

راوێژکاری جەعفەری بۆ کاروباری ئاوەدانکردنەوە
لەدیدارێکی تایبەت بە لڤین

# هۆکاری دواکەوتنی برەپارەی تەرخانکراو بۆ پارێزگای کەرکوک لە ئەستۆی بەرپرسانی شارەکەیە

دیاری ئیبراهیم ئیسماعیل - بەغدا

**چەند بەڵگەنامەیەکم لەلایە کە لەلایەن دکتۆر بەرهەم ئیمزا کراوەو بەدەستی خۆی ڕەزامەندی نیشانداوە لەسەر دابینکردنی پارە بۆ چەند پارێزگایەك، بەڵام سەبارەت بە پارێزگای کەرکوك هیچ نوسراوێك نییە و ڕەزامەندی و ئیمزای ئەو لەسەر هیچ بەڵگەنامەیەك بە نووسراو نییە، تەنها لە ڕاگەیاندنەکان ئەمەی بڵاوکردۆتەوە .**

**لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتدا حەق ئەلحەکیم راوێژکاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ کاروباری ئاوەدانکردنەوە لە زۆر مەسەلەی تایبەت بە ئاوەدانکردنەوەی عێراق و میکانیزمەکانی دیاریکردنی بودجە بۆ پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە دەدوێت و درێژەی وتوێژەکەش تایبەتە بە کەرکوك و مەسەلەکانی ئاوەدانکردنەوەی ئەو شارە، حەق ئەلحەکیم پێش چاوپێکەوتنەکە زۆر ڕاشکاوانە ووتی " پێموایە هەموو ئەو شتانەی کە دەزانرێن ناکرێت بووترێن" هەروەها ووتی " لە وڵاتی ئێمە هێشتا ماویەتی ڕاستییەکان بە تەواوی بۆ خەڵك بخرێنە ڕوو"**

**لڤین : ئایا ئەو بڕە پارەیەی تا ئێستا بۆ ئاوەدانکردنەوەی شاری کەرکوك خەرجکراوە چەندە؟**

حەق : شاری کەرکوك لە سەرەتادا وەکو قۆناغی یەکەم ٢٥ ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کرا بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٤ و سەرەتای ساڵی ٢٠٠٥. دوای دەستبەرکاربوونی وەك سەرۆکی وەزیران، دکتۆر ئیبراهیم جەعفەری گرنگییەکی زۆریدا بە شاری کەرکوك، یەکەم کار کە پێی هەستاو یەکەم بڕە پارە کە خەرج کرا بۆ شاری کەرکوك بوو.

یەکەم بڕە پارە کە ٢٥ ملیۆن دۆلارە ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حکومەتی ئەیاد عەلاوی، بەڵام کە دکتۆر ئیبراهیم جەعفەری سەرۆکایەتی حکومەتی گرتە دەست داوای کرد بڕە پارەی تەرخانکراو زیاد بکرێت بۆ ٥٠ ملیۆن دۆلار. بۆیە پەیوەندی بە پارێزگاوە کرا تاوەکو پرۆژەکانیان پێشکەش بکەن بە بڕی ٢٥ ملیۆن دۆلار تاوەکو بڕی پارەی تەرخانکراو ببێتە ٥٠ ملیۆن دۆلار، سەرەڕای ئەوەی پارەی تەرخانکراو نەبوو بەڵام بەڕێزیان داوای ئەمەیان کردو ئێمەش ئەوەمان لەسەرە فەرمانی ئەوان جێبەجێ بکەین کە هەر ئەمەش بە کردەوە ڕوویدا.

**لڤین : بەرپرسانی شاری کەرکوك ئێوە تاوانبار دەکەن بەوەی کە داوای پارەی تەرخانکراویان کردووە بۆ شاری کەرکوك بەڵام ئێوە بەدەم داواکەی ئەوانەوە نەچوون ؟**

حەق : من نوسراوم لەلایەو خستمە بەردەستی سەرۆکی وەزیران لە دوا سەردانییدا بۆ هەرێمی کوردستان، ئەتوانن بیبینن، دوای ئەوەی سەرۆکی وەزیران ڕازی بوو سەبارەت بە دابینکردنی پارە بۆ ئاوەدانکردنەوەی شاری کەرکوك. دواتر نوسراوێکمان نارد بۆ پارێزگای کەرکوك سەبارەت بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی باڵای ئاوەدانکردنەوە بە دابینکردنی ٢٥ ملیۆن دۆلاری تر بۆ پارەی تەرخانکراوی جێبەجێکردنی پرۆژەکانی شاری کەرکوك کە داوایان کردبوو. لە پارێزگاوە پەیوەندیان پێوە کردین و

ئێمەش پێمان ڕاگەیاندن کە بە یەکسانی دابەشی بکەن بەسەر گەڕەکەکانی شاری کەرکوك تاوەکو کەس بێبەش نەبێت و حەساسیەت دروست نەبێت، ئەوانیش ئەو پرۆژانەیان بۆ ناردین کە پێیان وایە پرۆژەی باشە و بە دادوەرانە دابەش بووە.

**لڤین : لە دوا سەردانی بۆ هەرێمی کوردستان جەعفەری بەرپرسانی کەرکوکی تاوانبار کرد، ئەمانەی تۆ باستکردن بەڵگەن لەسەر قسەکانی ئەو؟**

حەق : ئەمانە هەمووی بە نوسراو هەیە لامان و دەتوانین پیشانی هەرکەسێکی بدەین. لە ٩/٢٧ مۆڵەتی دوو هەفتەمان پێدان بۆ وەرگرتنی پارەکەیان بەڵام سەرەڕای ئەوەش کە چەند جار بە تەلەفۆن ئاگادارمان کردوون، کەچی ئەوان دەیانووت ئێستا کاری لەسەر دەکەین و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکەین، دواتریش هەر وەڵام نەبوو. لە ٢٠٠٥/١٠/٢٥ یش بە نوسراوی ژمارە ٤٢٦ دوبارە داوامان کردەوە کە بۆچی پارێزگای کەرکوك سەردانمان ناکەن بۆ وەرگرتنی برە پارەی تەرخانکراو، ئەوەشمان باسکردوە ئەگەر هەر نەیەن ئەوا ئێمە سەرۆك وەزیران ئاگادار دەکەینەوە، چونکە سەرۆکی وەزیران گرنگییەکی تایبەتیداوە بەم بابەتە، کە ئەمە لە دەقی نوسراوەکەدا هاتووە. لە ٢٠٠٥/١١/١٤ پرۆژەکانیان بۆ ئێمە نارد، لە ٢٠٠٥/١١/١٥ وەفدێکی پارێزگای کەرکوك سەردانیانکردین و ئێمەش داوامانلێکردن یاداشتێك بنووسن کە هۆکاری دواکەوتنی پرۆژەکان ناگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەڵکو هۆکاری دواکەوتنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پارێزگا ئەوانیش یاداشتەکەیان نووسی ئێستا لای ئێمە هەیە کە تێیدا هۆکاری دواکەوتنەکەی ئەوانی تێدا باسکراوە. دیارە هۆکاری دواکەوتنیشی زۆرە هەندێکی بەدەست ئەوان نیە لەوانە لێکۆڵینەوە لە پرۆژەکان و میکانیزمی جێبەجێکردنی و خستنەڕووی بۆ بەڵێندەرەکان و بارودۆخی تایبەتی خۆیان، بەڵام ڕاست نییە کە گلەییەکە بخەنە ئەستۆی ئەنجومەنی باڵای ئاوەدانکردنەوە، چونکە ئەرکی ئێمە نیشاندانی ڕەزامەندی و بەدواداچوونە، بەڵام جێبەجێکردن لە ئەستۆی ئەوانە.

**لڤین : بەڵام لە دوا چاوپێکەوتنی پارێزگاری کەرکوك لە شەوی ٢٦\٢٧-١-٢٠٠٦ لەگەڵ کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ئەوەی خستەڕوو کە لە سەردەمی حکومەتی ئەیاد عەلاوی دکتۆر بەرهەم ڕەزامەندی لەسەر دابینکردنی ١٠٠ملیۆن دۆلار داوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی شاری کەرکوك، بەڵام تا ئێستا ئەو پارانە نەدراوە سەرەڕای ئەوەی چەندین داوایان پێشکەش کردووە بۆ ئەو مەبەستە بەڵام بێ هوودە بووە، ئەو ٢٥ ملیۆن دۆلارەش کە ئێستا خەرج کراوە بەشێکە لەو پارەیەو هیچ پارەی تری نوێ لە سەردەمی حکومەتی ئیبراهیم جەعفەری دابین نەکراوەو خەرج نەکراوە، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

حەق : لە کاتی دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای ئاوەدانکردنەوەوە بڕیارێك دەرچوو کە لەلایەن دکتۆر ئەیاد عەلاوی ئیمزا کراوە بەوەی مانگانە٢٠٠ملیۆن دۆلار ڕەوانە بکرێت بۆ پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە بەمەبەستی پەلەکردن لە ئاوەدانکردنەوەی عێراق، یەکەم مانگ ٢٠٠ ملیۆن خەرج کرا، مانگی دووەم ١٠٠ ملیۆن خەرج کرا، پاشان ڕاگیرا.

لڤین : هۆکاری ڕاگرتنی چی بوو؟

حەق : وا بزانم لەبەر نەبوونی پارەی تایبەتکراوە، بەڵام بە تەواوی نازانم.

**لڤین : لەبەر ئەوەبوو کە بودجەی وڵات بەش ناکات؟**

حەق : بەڕێز دکتۆر بەرهەم بەرپرس بوو لە ئاوەدانکردنەوە لە سەردەمی حکومەتی پێشوو، بۆیە ئەو باشتر ئەزانێت بۆچی ئەو برە پارەیە ڕەوانەی ئەنجومەنی ئاوەدانکردنەوە نەکراوەو من نازانم. من لە کۆتایی مانگی ٢٠٠٥/٥ دەست بەکار بووم. پاشان بەرپرسان لە ئەنجومەنی باڵای ئاوەدانکردنەوە لە ژێر ڕۆشنایی ئەو بڕیارەی کە مانگانە ٢٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ ئاوەدانکردنەوە دابین بکرێت، پارەیان دابینکرد بۆ سەرجەم شارەکانی عێراق. پاشان لە چوارچێوەی سەردانی دکتۆر بەرهەم بۆ شاری کەرکوك لە ڕاگەیاندن لێدوانیدا کە ١٠٠ملیۆن دۆلار بۆ شاری کەرکوك دابینکراوە، بەڵام من چەند بەڵگەنامەیەکم لەلایە کە لەلایەن دکتۆر بەرهەم ئیمزا کراوەو بەدەستی خۆی ڕەزامەندی نیشانداوە لەسەر دابینکردنی پارە بۆ چەند پارێزگایەك، بەڵام سەبارەت بە پارێزگای کەرکوك هیچ نوسراوێك نییە و ڕەزامەندی و ئیمزای ئەو لەسەر هیچ بەڵگەنامەیەك بە نووسراو نییە، تەنها لە ڕاگەیاندنەکان ئەمەی بلاوکردۆتەوە. سەرەڕای هەموو ئەمانە ئەم پارە تایبەتکراوانە هیچ پاڵپشتیەك (سند)ی نەبووە لە ژمێریاری ئەنجومەنی باڵای ئاوەدانکردنەوەو بەم پێیەش هیچ شتێك نییە پارەی بۆ دابینکرابێت. کاتێك من دەست بەکاربووم لە ئەنجومەنی باڵای ئاوەدانکردنەوە ئەم لایەنانە داوای دابینکردنی پارەو جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانەیان لێدەکردم، بەڵام لە دیدارو چاوپێکەوتنی جیاجیادا باری دارایی ئەنجومەنی باڵای ئاوەدانکردنەوەم بۆ ڕوونکردنەوە کە لە بنەڕەتدا پارە بۆ ئەم پرۆژانە هەر نەبووە، ئیتر چۆن خەرج بکرێت. سەرەڕای ئەوە داوای دیدارم لەگەڵ بەڕێز دکتۆر بەرهەم کردو ئەم نوسراوانەم خستەبەردەستی کە ئەو ڕەزامەندی لەسەر نیشاندابوو بۆ نمونە بۆ پارێزگای موسەننا ڕەزامەندی نیشاندابوو لەسەر زیاتر لە ٩٣ ملیۆن دۆلار، بەڵام بە بێ ئەوەی پارە هەبێت،



تەنانەت بەڕێز دکتۆر بەرهەم نەیتوانی چارەسەرێك بۆ ئەمە دابنێت. بۆیە کەرکوکیش وەکو سەرجەم پارێزگاکانی تر وایە کە سەرەڕای ئەوەی پارێزگاکان نوسراوی ڕەسمی ئیمزا کراویان هەیە. بۆیە نەمانتوانی ئەو پرۆژانە جێبەجێبکەین. هەموو لایەنەکانیش گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە ئەو بڕە پارانە نییە بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانە. بەڵام نازانم بۆچی پارێزگاری کەرکوك سوور بوو لەسەر ئەوەی کە ١٠٠ ملیۆن دۆلار هەیەو لە ڕاگەیاندن ئەمەیان دووپاتدەکردەوە کە گوایە دکتۆر بەرهەم تەرخانی کردووە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە بوونی نییە، ئێمە حیساباتی خۆمان هەیە لە بانك هەرکەسێك گومانی هەیە لەمبارەیەوە دەتوانێت بچێت سەردانی ئەوێ بکات و ئاگاداری بێت.

**لڤین : ئەی چۆن دکتۆر بەرهەم وادەی بە خەڵکی داوە ؟**

حەق : ئێمە ئەڵێین لەوانەیە بە گومانباشی خۆی ئەو بەڵێنانەی دابێت لەسەر ئەو بنەمایەی کە گوایە مانگانە ٢٠٠ملیۆن دۆلار خەرج دەکرێت بۆ بواری ئاوەدانکردنەوە. بەڵام پێم وا نیە دکتۆر بەرهەم هیچ پرۆژەیەك پەسەند بکات ئەگەر بزانێت پارە نییە بۆی سەرف بکرێت، چونکە ئەمە وەك گاڵتەکردن وایە بەخەڵك، کە من ئەمە بە دوور ئەزانم، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەو مەبەستی باش بووە و حەزی کردووە شتێك پێشکەشبکات و ئەو پرۆژانەی پەسەند کردووە بەڵام بە داخەوە پارەی دابینکراو لەو ئاستەدا نەبووە، هەڵەکە لێرەدایە.

**لڤین : پارێزگاری کەرکوك ئاشکرای کرد کە نوسراوێکیان لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشگەیشتوە کە سەردانی ئەنجومەنی ئاوەدانکردنەوە بکەن بۆ وەرگرتنی ٢٨ ملیۆن دۆلار، ئەوەشی خستەڕوو کە ئەم بڕە پارەیە ٢٥ملیۆن دۆلاری بەشێك بووە لەو بڕە پارەیەی کە پێشتر بۆ کەرکوك تەرخانکراوە بەڵام خەرجنەکراوە، ئایا ئەمە ڕاستە؟ یان ئەم ٢٨ ملیۆن دۆلارە خراوەتە پاڵ ٢٥ملیۆن دۆلارەکەی تر ؟**

حەق : بەڵێ ٢٨ ملیۆن دۆلار ڕەزامەندی لەسەر نیشاندراوە سەرەڕای ٢٥ ملیۆن دۆلاری پێشووتر. لەسەرتاسەری عێراقدا ئەو پرۆژانەی کە ڕەزامەندی لەسەر نیشاندراوە و دەستمان کردووە بە جێبەجێکردنی بڕەکەی ٥٥٧ملیۆن دۆلارە، تاوەکو ئێستا تەنها ٣٠٠ملیۆن دۆلار وەرگیراوە لە وەزارەتی دارایی و دەبێت ٢٥٧ملیۆن دۆلاری دیکە وەربگرین بۆ تەواوکردنی ئەو پرۆژانە کە پارێزگاو وەزارەتەکان دەستیان کردووە بە ئەنجامدانی، بۆ پارێزگای کەرکوك و پارێزگاکانی دیکەو وەزارەتەکانیش میکانیزمێك هەیە کە دەگیرێتە بەر بۆ پارەخەرجکردن کە ئەویش بریتییە لە چەندێتی و چۆنیەتی ئەنجامدانی پرۆژەکە، واتە هەر بەڵێندەرێك پارەی نادرێتی لەدوای ئەوە نەبێت کە بزانین ڕێژەیەکی باشی لێجێبەجێکراوەو لەسەر ئەم بنەمایە پارەی دەدرێتێ. ئەمەش بەسەر هەمواندا جێبەجێدەکرێت. پارێزگای کەرکوکیش وەك پارێزگاکانی دیکە، پرۆژەکان گەیشتنە چ ئاستێك پارەیان دەدرێتێ. لە ڕاستییدا من بە شێوەیەکی تایبەت مامەڵە لەگەڵ پارێزگای کەرکوکدا دەکەم لەبەرئەو بارودۆخ و گرنگییەی کە هەیەتی جیا لە پارێزگاکانی دی، ئەو شاندەش کە لە پارێزگای کەرکوکەوە دێت زۆر ڕێزیان لێدەگرم و زۆر باشن و هاوکاریان دەکەم و لە هەموو شتەکان تێدەگەن. دەتوانن لە خۆیان بپرسن ڕاستەوخۆ کە دوا پرۆژە بریتیبوو لە بنیاتنانی کەنیسەکەیەك، داوایان کرد کە ئەو بڕە پارەیەی دابینکراوە کە ٣٠٠ هەزار دۆلار بوو کەمەو بەشی پرۆژەکە ناکات و وتیان ٦٠٠ هەزار دۆلاری تێدەچێت، ئێمەش ڕەزامەندی خۆمان نیشاندا دوای ئەوەی کە هۆکاری ئەو تێچوونەمان بۆ دەرکەوت کە هەڵە لە مەزەندەکردندا هەبووە. لە زۆرێك لە کارەکاندا هاوکاری

بەم شێوەیە هەیە لە نێوانماندا.

**لڤین : دەکرێت بزانین لەسەر چ بنەمایەك پارە خەرج دەکرێت بۆ ئاوەدانکردنەوەی شارەکانی عێراق؟ ئایا لەسەر بنەمای ڕێژەی دانیشتوانە؟یان چی؟**

حەق : تەنها یەك بنەما نییە، بێگومان ڕێژەی دانیشتوان ڕۆڵی هەیە، هەروەها کەمی خزمەتگوزاری لەو پارێزگایە، ئێمە پشت بە سەرژمێری دەبەستین بۆ پەسەندکردنی پرۆژەکان، بۆ نمونە ڕێژەی قوتابیان لە پۆلێکدا لە یەکێك لە پارێزگاکان وەردەگرین، لە هەندێك لە پارێزگاکان ڕێژەی قوتابیان بۆ هەر پۆلێك ٤٨ قوتابییە، ئەمە ناچارمان دەکات کە بۆ ئەم پارێزگایانە پارە خەرج بکەین بۆ بنیاتنانی قوتابخانە تا بێتە ئاستی پارێزگاکەی تر کە ڕێژەی قوتابی بۆ هەر پۆلێك ٢٤ قوتابییە. ئەمەش بوارەکانی تری وەك شارەوانی و ڕێگاوبان و بنکەو مەڵبەندی تەندروستی و پرۆژەی ئاوی خواردنەوەو ئاوەڕۆو .... هتد دەگرێتەوە، کەواتە زیاتر لە هۆکارێك هەیە بۆ خەرجکردنی پارە لەگەڵ بوونی بەڵگەی مەنتیقی. ناکرێت برێك پارە دابینبکرێت بۆ پارێزگایەك کە خزمەتگوزاری نییە هەمان بڕیش بۆ پارێزگایەك کە خزمەتگوزاری تێدایە. پاشان هەموو پارێزگاکان سەربە یەك دەوڵەتن کە عێراقە گەلەکەشمان یەکە بۆیە نابێت جیاوازی بکەین لە نێوان لایەك و لایەکی دی هیچ شتێك نیە کە پارێزگایەك لەوی دی جیابکاتەوە.

**لڤین : ئایا ڕێژەی ئەو پارانەی کە بۆ کەرکوك تەرخانکراوە چەندە بە بەراورد لەگەڵ پارێزگاکانی دیکە؟**

حەق : ڕێژەی خەرجکردن بۆ هەر پارێزگایەك نزیکەی ٥٠ ملیۆنە تاوەکو ئێستا، ئەگەر پارەی دیکەش هەبوو ئەوا بۆ پارێزگاکان دابین دەکرێت، بۆ نمونە پارێزگای کەرکوك ٥٣ ملیۆن دۆلارە، هەندێکیش کەمترە لە پەنجا ملیۆن.

**لڤین : بەڵام ئەو ٥٣ملیۆنە ٢٥ ملیۆن دۆلاری ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حکومەتی پێشووتر، لەسەردەمی حکومەتی بەڕێز ئیبراهیم جەعفەریش ٢٨ ملیۆن دۆلار ڕەزامەندی لەسەر نیشاندراوە نەك ٥٣ ملیۆن دۆلار.**

حەق : نا شتێك هەیە، ئەنجومەنی باڵای ئاوەدانکردنەوە هەموو پارێزگاکان دەگرێتەوە ڕەوا نیە پارە بدەم بە پارێزگایەك کە هیچ پارەیەکی بۆ تەرخان نەکراوە، بۆ نمونە پارێزگای واست تەنها یەك دۆلاریشی بۆ تەرخان نەکراوە، ئایا ڕەوایە پارێزگاکانی تر پارەی بۆ خەرج بکەم و پارێزگای واستیش هیچی بۆ خەرجنەکرێت، ئەبێت ئێمە دادپەروەر بین لە دابەشکردندا بۆ هەموو عێراقیەکان و جیاوازی نەبێت لە نێوان باکوور و ناوەڕاست و باشووری عێراق.

**لڤین : شتێك هەیە ڕوون نیە لە نێوان ئێوەو پارێزگای کەرکوك، ئەو ٥٣ ملیۆن دۆلارەی کە باسی دەکەن ٢٥ ملیۆن دۆلاری لەسەردەمی ئەیاد عەلاوی ڕەزامەندی لەسەر نیشاندراوە، لەسەردەمی حکومەتی جەعفەریش دەبوو کەرکوك وەك سەرجەم پارێزگاکانی دیکە ٥٠ ملیۆن دۆلاری بۆ سەرف بکرایە بەڵام ئێوە بەم دواییە نوسراوتان ناردووە کە سەردانتان بکەن بۆ وەرگرتنی ٢٨ ملیۆن دۆلار ؟**

حەق : ئەو ٢٥ ملیۆنەش کە هی سەردەمی دکتۆر بەرهەمە لەگەڵ ئەو ٢٨ملیۆنەی کە لەسەردەمی دکتۆر جەعفەری خەرجکراوە هەردوکیان پەیوەندی بە ئەنجومەنی ئاوەدانکردنەوەوە هەیە پارەکانیش تا ئێستا وەرنەگیراوە.

لڤین : بەڵام پارێزگای کەرکوك دەڵێت بەو ٢٥ ملیۆنەی سەردەمی دکتۆر بەرهەم ٦١ پرۆژەمان جێبەجێکردووە.

حەق : ئەو پارانە لە بنەڕەتدا هی ئەنجومەنی ئاوەدانکردنەوەیە، بەڵام خۆی تا ئێستا وەرنەگیراوە، ئێمە نزیکەی نیوەی ئەو بڕە پارەیەمان وەرگرتووە، کە ٣٠٠ ملیۆن دۆلارە لە کۆی ٥٥٧ملیۆن دۆلار، بۆیە هەروەك پارێزگاکانی دیکە نەتوانین بۆ کەرکوکیش هیچ خەرجبکەین، بۆیە نە ٢٥ ملیۆنەکە وە نە ٢٨ ملیۆنەکە وەرنەگیراوە، چونکە پارە نییە لە وەزارەتی داراییەوە، ڕەزامەندی هەیە بۆ وەرگرتنی بەڵام تا ئێستا وەرنەگیراوە.

**لڤین : باشە ئێستا ئێمە لەسەروبەری پێکهێنانی حکومەتی نوێین، ئایا حکومەتی نوێ دەتوانێت ئەو پارەیە خەرج بکات یان ناتوانێت؟**

حەق : کاری دامودەزگاکان و لەوانەش ئەنجومەنی باڵای ئاوەدانکردنەوە پابەند نییە بەهیچ حکومەتێکەوە، حکومەت بمێنێتەوە یان بگۆڕێت پرۆژەکانی ئەنجومەنی ئاوەدانکردنەوە بەردەوام دەبێت ئەمە بە لێکۆڵینەوەی چەند مانگ ڕەزامەندی نیشاندراوە لەسەر ئەو پرۆژانەو ئەو پارانە دابینکراوە، هەماهەنگی باشیش هەیە لە نێوان ئێمەو وەزارەتی دارایی بۆ چارەسەرکردنی ئەو لەمپەرانەی لە ڕێگەدایە دوای دابینکردنی ٥٥٧ دۆلار بۆ هەموو پارێزگاکان، هەر ئەم پارانە وەربگرین کەرکوکیش وەك سەرجەم پارێزگاکانی تر پارەی خۆی وەردەگرێت.

**-لڤین : هیچ پارێزگایەك هەیە ٥٠ملیۆن دۆلاری بۆ خەرج کرابێت ؟**

حەق : لە نەجەف برێکی زۆر کەم خەرج کراوە کە نزیکەی ٥٢ ملیۆنە، وا بزانم بەسرەش نزیکەی ٥٠ ملیۆنە بەو پرۆژانەش کە لەلایەن وەزارەتی پلاندانانەوە لە ڕێی وڵاتانی کۆمەکبەخش ئەنجامدراوە. بەڵام ئێمە هەوڵ دەدەین هەموو پارێزگاکان لەم ئاستەدابن بە کەرکوکیشەوە، ئەمەش پشت دەبەستێت بەو پارانەی کە ئێمە وەریدەگرین.